عێراق و لیبیا تاوتوێی هاریکاری ئابووری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات دەکەن



ئەمڕۆ سێشەممە، ئەحمەد سەحاف هەسوراوی کاتی بایەزخانی کۆماری عێراق لە دوو٠تی لیبیا لەگەڵ سەرکی فیدراسیۆنی ژووروکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ، محەمەد ئەلرەعیز هاوکاری ئابووری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات تاوتووێی کرد.

لەبەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە" ئەحمەد سەحاف، هەسوراوی کاتی کاروباری بایەزخانی کۆماری عێراق لە دوو٠تی لیبیا، لەگەڵ سەرکی فیدراسیۆنی ژووروکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ، محەمەد ئەلرەعیز کۆبوونەوەی لە میانی دیدارێکدا لایەنەکانی هاریکاری ئابووری هاوبەشی نێوان کۆماری عێراق و دوو٠تی لیبیا تاوتوێ کرا، هەروەها سەحاف خواستی عێراقی بۆ وەبەرهێنانی ئابووری و بازرگانی و دروستکردنی فەزای هاوبەش لە نێوان ژووری بازرگانییەکان دەربڕی، وجەختی لەسەر گرنگی ئاسانکاریەکانی کردوو بۆ پێدانی ئیمتیازاتی گەشتکردن بۆ بازرگانان و وەبەرهێنەرانی دوو وڵاتی برا.

لەلای خۆیەوە ئەلرەعیز خواستی خۆی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو وڵات دەربڕی، ئاماژەی بۆ هەبوونی ئیرادەیەکی جددی لەلایەن فیدراسیۆنی ژووری بازرگانییەکانەوە بۆ هاوکاری ئابووری و ئاسانکاریکردن بۆ دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ بازرگانانی عێراقی لە لیبیا کرد،

وجەختی کردەوە کەئامادەیە سەردانی عێراق بکات و بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کاری عەرەبی بکات کە بەغدا لە ماوەی داهاتوودا میوانداری دەکات.